# با لۆزان دوباره نەبێتەوە

رێبوار کەریم وەلی

بڕیارە 19 ی شوبات دووەم کۆبوونەوەی فراوانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی لە دوای ساڵی 1992 لە کوردستان ببەسترێ. وەك ڕاگەیەندراوە ئەم کۆبوونەوەیە تەواوکەری کۆبوونەوەکەی مانگی کانوونی یەکەمی 2002 ی (لەندەن) ە، بۆیە بەر لە هەموو شتێ دەمەوێ بڵێم کە لە ئێستاوەڕا شك و گومانی جۆراوجۆر سەبارەت بە زۆر شتی بونیادی لە ئارادان، کە ئەگەر ئەم کۆبوونەوەیە نەتوانێ ڕوونیان بکاتەوە، هەقە کوردیش بە هەڵوێستەکانی خۆیدا بچێتەوە .

گرنگترین خاڵ بە نسبەت ئەم دانیشتنانەوە دوو شتی زۆر جەوهەرین کە ئەوەی کردوومانە و کێشاومانە لە پای ئەم دووانەوە بووە .

یەکەم مەسەلەی جۆری ئەو فیدراڵییەیە کە جارێ عارەب خستویانەتە سەر کاغەز: ئەحمەد چەلەبی کە بە سەرۆکی (ئای ئێن سی) ناوی دەبەن لەو یەکدوو لێدوانانەی کە بەم دواییانە داویەتی بە تایبەت ئەوەیان کە بۆ تەلەڤزیۆنی سی ئێن ئێن –ی تورکی داویەتی زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێ کە ئەوان وەکو عارەب پشتگیری لە نمونە فیدراڵییەکی وەك ئامریکا دەکەن و ئەوەش بە بڕیاری خۆیانەوە نابەستنەوە و بگرە وەك بۆ کەناڵی کوردساتی یەکێتی نیشتمانی ڕوونیکردەوە دەبێ لە ڕیفراندۆمێکی گشتیدا هەموو عێراقییەکان دەنگی بۆ بدەن ئەگەرنا بە پێچەوانەوە کورد مافی فیدراڵییان نابێ و کورد گوتەنی (دەبێ لە سەر پەتکی خۆیان دانیشن) !ئەحمەد چەلەبی زۆر پشت ئەستورانە داکۆکی لەو قسانەی خۆی دەکات و دەڵێ تەنانەت مام جەلالیشمان قەناعەت پێهێناوە کە بە نمونە فیدراڵیی ئامریکایی (فۆرمی ئیداری) ڕازی بێت .

ئەمەیە ئەو خاڵەی کە قەت عارەب نایانەوێ لێی تێبگەن: کورد نەتەوەیەکی جیایە و هیچ شتێك بە عارەبیانەوە نابەستێتەوە. ڕەنگیێ مام جەلال لە خۆشیی ئەوەی لە عێراقی داهاتوودا بیکەن بە سەرۆك وەزیر حازر بێ هەموو شتێك قەبوڵ بکات، بەڵام ئەوە زۆر بێئینسافییە کە مەسەلەی میلەتێك بە قوربانی یەکێك بێت. ئەرێ. دوای بەستنی پەیمانی سیڤەرس لە 10 ی ئابی 1920 یش کەمالییەکان ئۆتۆنۆمییان دا بە کوردی باکور، بەڵام چ خودموختارییەك: تەنانەت لە ئەنجومەنەی کە کورد هەڵیان دەبژارد کەس بۆی نەبوو بە کوردی قسە بکات! .

ئینجا وەك گوتم کوبوونەوەی هەولێر کە 19 ی مانگ بڕیارە ببەسرێت، لە ڕووە گرنگە کە کورد خانەخوێیە و زۆر کارتی باشیشی بە دەستەوەن ئەگەر نەیاندۆڕێنێ. بۆیە پێویستە لە قۆناغی یەکەمدا ئەوە بە سەر عارەباندا بسەپێندرێ کە فیدراڵییەت، لانی کەمی خواستەکانی ئەمڕۆی کوردە و کورد گوتەنی (زۆریشمان خاتر گرتوون) ، ئینجا ئەو فیدراڵییەتەی ئێمە دەمانەوێ دەبێ لە سەر بنەمای جوگرافیای نەتەویی مێژووییمان بێت، ئەو جوگرافیایەی بەر لە ساڵی 1958 هەبووە نەك ئەوەی ئێستا .

مەسەلەی دووەم مەسەلەی کەرکوکە: هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی لە بەر دەست دانییە کە بیسەلمێنێ کەرکوك لە دەرەوەی جوگرافیای کوردستانە و کورد بۆ ئەمە دەیان بەڵگەی بەدەستەوەیە، بەڵام ڕەنگیێ نەگوترێ شارێکی کوردییە، هەروەك چۆن ناکرێ بە هەولێر بگوترێ شارێکی تەواو کوردی ئاواش ناکرێ بە کەرکوك بگوترێ شارێکی تەواو کوردی. ئەوەندەی لە لەملاو ئەولاوە دەبیسترێ ئەوەیە کە عارەب بە گشتی لە مەسەلەی کەرکوکدا حازر نین شەفافیەت لە خۆیان نیشان بدەن و دەیانەوێ مەسەلەکە بە هەڵپەسێردراوی بمێنێتەوە .

ئا لێرەدایە کە دەبێ کورد کارتی (کات و شوێن) لە قازانجی خۆیدا بەکار بێنێ. بە بڕوای من و بە پێی ئەو هەموو شتانەی کە لە من لە سەر مێژووی هاوچەرخی کوردم خوێندوونەتەوە، لە دوای بەستنی پەیمانی سیڤەرس دەلیڤەی وەکو ئێستا کەم هەڵکەوتووە. ئەگەر ئەمەش لە کیس بچێ ئەو کاتە نازانم چۆن ڕوومان دەبێ بڵێین کوردین!؟

دوای لێدانی عێراق ئیتر کارتی کورد لە قیمەت دەکەوێ و عارەب بە جارێك لێمان بێمنەت دەبن، ئامریکا بۆ نەزڕانی ئیعتیباری خۆی ڕێگەنادا کورد پەتپەتانێ بکات و خوازیاری ئەوەیە دەموودەست مەسەلەی حوکم لە عێراقدا بە سەقامگیری و ئارامییەوە گرێ بدات، بۆیە زۆر دەربەستی ئەوەنابێ کە دانیشێ سەیری جەولەکانی گفتوگۆ کلاسیکیەکانی سەرکردایەتی کورد و حکومەتی مەرکەزی بکات .

کورد به ئیعتیباری ئەوەی میللەتێك بووە لە عێراقدا لە ژێر هەڕەشەی نەماندا بووە، بۆ پاراستنی خۆی دەستورێکی ئامادە کردووە (هەر چەندە تا ئێستا نەخراوەتە بەر دەم میللەت خۆی تا بڕیاری لێبدات) ، ئەم دەستورە دەبێ لەم کۆبوونەوەیەدا فەرز بکرێت و لە دەرەوەی ئەمە مەسەلەکەمان نەخرێتە معامەلەوە .

بۆیە با لۆزان دوبارە نەبێتەوە و لێرە لەم هەولێرە (هەر چەند جارێ دیار نییە لە هەولێرە یان لە شوێنێکی دیکە) خاڵ بخرێتە سەر تیپەکانی راگەیەندراوی کۆتایی کۆنگرەی (لەندەن) وکوردیش تەنازولاتی بێجێی لە چەشنی ئەوەی لەندەن بۆ ترکمان و عارەبەکان نەکات و کورسییە نازدارەکانی خۆی بەم و بەو نەبەخشێ. هەروەها حەد و حدودێکیش بۆ ترکمانەکان و هەندێ لایەنی دیکە دابندرێ کە بە ئاشکرا و بە پێچەوانەی برگەی 6 ەمی راگەیەندراوی لەندەن داوای هاتنی سپای بێگانە و لە وانە ترکیا دەکەن بۆ کوردستان .

Rebwar2001@yahoo.com

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ رێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم رێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت:......... 2003-1-15

www.kurdistannet.org کوردستان نێت